# علوجەکانی بەعس

کاوە ئەمین

لەم ڕۆژانەدا ئەوەی کە لە ڕاگەیاندنە بیانیەکاندا گوێبیستی دەبین ئەوەیە کە سەددام و داروودەستکەی کون نییە خۆیانی تیا بشارنەوە، لەو هەموو "پاڵەوانەی" قادسیە تەنها محمەد سعید سەحاف نەبێت کە لە نێو ڕۆژنامەوانە بیانیەکاندا خۆی مات دەدات و سەری زمان و بنی زمان و لەو هەموو حەرەس جمهوری و فیداییانەی سەددام، ماوەتەوە سەر بە کارهێنانی وشەی "علوج" کە بەقسەی خۆیی و عەرەبی زانەکان مانای "زەروو" دەگرێتەوە. سەیر لەوەدایە کە ئەم وەزیرە فاشیلە ئەوەی کە دنیا دەیبینێت ئەو نایبینێت و لەسەر قسە هەلەق و مەلەقەکانی بەردەوام دەبێت و هیچ شەرمیش ناکات، گەلێک جار دەڵێت ئەمریکایەکان درۆدەکەن نەهاتوونەتە ناو بەغداوە بەڵکو لە ٣٠ کیلۆمەتری ئەو شارەدان، وەکو ئەوەی ئەمە سەرکەوتن بێت بۆ ئەوان و دارو دەستە علوجەکەیان. ئاخر کاتێک سەربازانی ئەمریکایی لەسەر تەختە خەوەکەی سەددام تەراتێنیانە، ئیتر ئەم هاش و هوشەتان لەچیە، ئەی نەوەکانی قەعقاق.

سەددام کە شەرم نەی گرت و بە بەرچاوی جیهانەوە بانگاشەی ئەوەی کرد کە لە هەڵبژارنە تاقانەکەی عێراقدا بۆ ئەوەی سەددام هەڵبژێرنەوە بە سەرۆک کۆمار لە سەدا سەدی دەنگەکانی بەدەست هێنا، ئێستا لەم لە سەدا سەدە تەنها سەحافی بەدەستەوە ماوە کە درۆیی بۆ بکات، تەنانەت حەرەس جمهوریەکانی کە ٣٤ ساڵە بەو دەستانەی خۆیی بە خێویان دەکات و بۆ پیێژن و منداڵ و پەکەوتەی کورد ئازایانە هەڵیان دەکوتایە سەر گوندەکانی گەرمیان و خەڵکی بێ چەک و هەژاری کوردیان ئەنفال دەکرد، ئێستا وەکو سەگێکی خوێری لەبەردەم سوپای ئەمریکیدا بەچۆکدا دێن و دەستیان نەک چەک بگرە عەگاڵەکانیشیان ناگرێت.

"عەلی کیمیاوی" کە بە بەرچاوی کامێراوە و جگەرەی چروت بەلادەمیەوە، بەشەق بەردەبووە گیانی سەربازانی هەڵاتوو و خەڵکی سڤیلی کورد، ئێستا لەو " نیشتمانە گەورەیەی عەرەبدا" جێگای گۆڕێکیشی پێ ڕەوا نابینرێت.

بەڕاستی سەیرە، ئەو هەموو بەعسی و پیاوانەی ڕژێم لە کوێ خۆیان شاردۆتەوە، تۆ بڵێی وەک بەعسیە قەبەکانی کوردستان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن و کەسێک لەگوڵ کاڵتریان پێ نەڵێ؟ لێرەدا من مەبەستم خوێنرشتن و کاولکاری نییە، بەڵام خۆ دەبێت لەو هەموو تاوانبارە بپرسرێتەوە. ستروکتوری عێراق بە شێوەیەک دارێژراوە کە برا لە براو، دراوسێ لە دروسێ بە گومان بێت. ئەمە جگە لە سیستەمی شڕە خۆری، ئەوەتا لە بەسرە چۆن خەڵک خەریکن مزگەوتەکانیش فەرهود دەکەن. ئەگەر ئەم شەڕە درێژە بکێشێت، ئەوا بە دڵنیایەوە خەڵکی عەرەبی عێراقی دەکەونە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی خراپ، کە کۆنترۆڵ کردنی ئاسان نابێت، ئەمەش جێگای داخە.

بەخۆشاحاڵیەوە تا ئێستا لە باشووری کوردستان کۆمەڵگا ئارامە و پێشمەرگە و پۆلیسی کوردستان تا ڕادەیەکی چاک ئارامیان پاراستووە، ئەمەش خاڵێکی ئیجابی گرنگە بۆ شێوەی دەسەڵات بەڕێوەبردن لە کوردستاندا، بە تایبەتی دەتوانێت وێنەیکی باشی کورد بدات بە بیانیەکان لە کاتێکدا کە سەدان ڕۆژنامەوانی بیانی لە کوردستاندا سەرگەرمی گواستنەوەی هەواڵەکانی شەڕن.

ڕەنگە ئەم بەهارە، خۆشترین بەهار بێت کە کورد یادی بکاتەوە بەبێ ڕوودانی کارەساتی گەورە لە کوردستاندا ئەگەر داگیرکەرانی تورک و ئەوەی پێی دەڵێن بەرودراوسێ لێگەڕێنن.

علوجەکانی بەعس و سەددامیش توشی گونرەشەی خۆیان هاتوون، چاکترە ئێمەی کورد لە دوورەوە تەماشاڤانی دروێنەی ژیانی علوجەکان بین لێ گەرێن با بەعسیەکان "ئەنفال" بکرێن، چونکە تەنها بەبێ بەعس، کورد لە کوردستان و عەرەب لە عێراقدا دەتوانن ئاسودەبن و تامی ژیان بچێژن.

٢٠٠٣/٤/٩